ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دیاردەی خۆکوژی له ڕۆژئاوادا

## خوکوژی ژماره ٣١ له بینایەی ئیمپایەر ستەیت له نیویۆرك

باوکی محمد

٢٠٠٤-١١-٢٨



بینایەی ئیمپایەر ستەیت له نیویۆرك

یەکێ لە گەشتیارانی بینایەی ئیمپایەر ستیت کە ١,٤٥٤ پێ بەرزە، لە نهۆمی ٨٦ وە خۆی هەڵدایە خوارەوەو خۆی کوشت .

ئەمە ٣١ مین کەسە لەسەرەتای دروست کردنی ئەم بینایەوە تەنها لەوێوە خۆی هەڵداتە خوارەوەو خۆی بکوژێت . کە ساڵانە ٣,٨ ملیۆن کەس سەردانی ئەکەن .

(سەرچاوە پێگەی CNN 4:11:2004 ) .

---

ڕێژەی خۆکوژی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لەوڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپادا زیادی کردووە، ڕۆژانە دەیەها کەس یان خۆیان هەڵدەواسن، یان خۆیان ژەهرخواردوو دەکەن، یان لە سەرپردێك یان شوێنێکی بەرزەوە خۆیان فڕێ دەدەنە خۆارێ .

ساڵ و نیوێك لەمەو پێش ماڵی دۆستێکم هەبوو دەمێك بوو لەو شارەی کە تیایدا نیشتەجێ بوبوون بە دوای خانوودا دەگەڕان، لە هەندێ شوێن ناوی خۆیان نوسیبوو، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی لە یەکێك لە بیناکاندا خانوویەك چۆڵ کرابوو ئەمیش لە بەر ئەوەێ کە زوو ناویان نوسیبوو سەرە بەر ئەمان کەوتبوو، کاتێك چوین بۆ سەردانیان سەیرم کرد کۆمەڵە شتی باش و نیمچە تازە لە ماڵەکەیاندا هەیە، بە نموونە وەك تاقم متبەخی تازەی نان خواردن و تەلەفزیۆن و ژووری دانیشتن و زۆر شتی تر، زانی کە جێگەی سەرنج و پرسیاری ئێمەیە بە پێکەنینەوە وتی : ئەمشەو لە هەموو شەوێکی خوشتر بێت، بە ڕاستی خێرو بەرەکەتی دایەوە بۆ ئێمە ، وتم چی ڕوویداوە برام ؟ وتی هەر مەپرسە: ئەم ماڵە لە پێش ئێمە تەنها پیرەژنێکی تیا بووە، لە ئەنجامی تەنهایی و بێزاری و بێ کەسیدا شەوێك بڕیار دەدات کە چیتر لەم بەهەشتی ئەوروپایەدا نەمێنێتەوەو گیانی خۆی لە دەست بدات، نامەیەکی بچووك دەنوسێت و تەلەفۆنێکیش دەکات بۆ پۆلیس و ناوو ناونیشانی خۆی دەداو دەڵێ: ئەوا هەر ئێستە من خۆم دەخەمە خوارەوەو خۆم دەکوژم ( لە نهۆمی ١١ ی بیناکەدا دەبێت ) ، بەڵێ تا پۆلیس دەگەنە ئەو شوێنە ئەو لە بەهەشتی ئەورووپاوە بەرەو دۆزەخی هەتا هەتایی خۆی بەرێ دەکات .

ئیتر هەرچی کەل و پەلی ناوماڵ هەیە هەمووی بە میراتی بۆ ئەم ماڵەی دۆستەکەی خۆمان بەجێ دەمێنێت.

جا ئێستە خەلکی ئەو شارە( کوردەکان ) چاوەڕێ دەکەن بەڵکو پیرەمێردێك یان پیرەژنێك لە بیناکەیاندا خۆی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگه‌ی زاگرۆس

بکوژێت و نانی ئه‌مانیش بکه‌وێته ڕۆنه‌وه .

به‌ڕاستی ژیانی ئه‌م ولآتانه رووکه‌شێکی جوانی هه‌یه، به‌لآم ئه‌ودیوی تری سه‌یر بکه‌یت فێزه‌ونیه‌کی ئێجگار زۆر ده‌بینیت، خه‌لكێك ئێجگار زۆر ژیانی ته‌نها له‌گه‌ڵ سه‌گێکدا به‌سه‌ر ده‌بات، ناخۆشترین ژیان لێره‌دا ژیانی پیره‌ژن و پیره‌مێردێکه، یان یه‌کێك له‌وانه به ته‌نها، چونکه زۆربه‌یان که ده‌گه‌نه ته‌مه‌نی به‌ره‌و گۆڕ ئیتر نه‌کوڕ ماوه نه کچ نه برا هه‌یه نه خزم، ته‌نانه‌ت زۆریان هه‌ر به ته‌نها ده‌ژین چونکه کاتی خۆی له‌یه‌کتر جیا بوونه‌وه‌و ئێسته‌ش هاوسه‌ری یه‌کتر نین، جا یان به‌و ناهه‌مواری و بێ که‌سی ده‌مێنێته‌وه تا شه‌وێك له ناکاو گیان له‌ده‌ست ده‌دات، یان ئیتر ده‌رگای خۆکوژی ده‌گرێته به‌رو خۆی ئینتیحار ده‌کات.

ڕۆژانه له ئه‌وروپادا به‌گشتی سه‌دان که‌س خۆیان ده‌کوژن، ئه‌وانه‌ش وه‌نه‌بێ له‌به‌ر بێ پاره‌یی بێت، یان نه‌بوونی پێویستیه‌کانی ژیان بێت، نه‌خێر،خۆشترین ژیانیان هه‌یه، به‌لآم ئه‌وه‌ی که مایه‌ی ژیانی راسته‌قینه‌یه نیانه که باوه‌ڕ به خوای تاك و ته‌نهایه، بۆیه له‌ساکارترین گرفتێك تووشیان دێت یه‌کسه‌ر ده‌ڕۆخێن و باشترین ڕێگه‌ش که ده‌رباز بن تیایدا بریتیه له خۆکوژی و واز هێنان له به‌هه‌شتی ئه‌م دنیایه.

ده‌لێم : ئه‌گه‌ر ئه‌و هه‌موو گرفت و ده‌ردی سه‌ری و کوشتن و ناهه‌مواریه‌ی که له وولآتانی خۆماندا هه‌یه‌و ئه‌و هه‌موو بێ یاسایی و سته‌مه‌ی که له‌وێدا په‌یڕه‌و ده‌کرێت، ئه‌گه‌ر له‌م ولآتانه به‌و شێوه‌یه بوایه ڕه‌نگه ژماره‌ی خۆکوژان زیاتر بووایه له زیندووه‌کان .

قسه‌کردن له باشه‌و خراپه‌ی کۆمه‌لگه ڕۆژئاواییه‌کان زۆر شت له‌خۆی ده‌گرێت، ئه‌مه ته‌نها خالێکه له په‌ڕه‌یه‌کدا، به‌لآم پرسیار ئه‌وه‌یه: ئه‌م خه‌لکه دوای ئه‌م ژیانه خۆشه مادییه‌ی که هه‌یه‌یانه‌و به‌و شێوه‌یه خۆش نوده‌یه بۆچی یان له ماڵه‌که‌ی خۆیدا په‌تێك ده‌خاته ملی خۆی و خۆی ده‌خنکێنێت، یان ده‌ڕواته شوێنێکی به‌رزو خۆی هه‌ڵده‌داته خواره‌وه، یان ئه‌وه‌نده حه‌شیشه‌و هیرۆیین ده‌خوات تا گیانی داده‌ڕزێ و له ناو ده‌چێت؟!!

خۆ ئه‌مانه ده‌بوو نموونه‌ی به‌خته‌وه‌ری گه‌لانی تر بوونایه، به‌لآم ئه‌وه‌ی که شتێکی نه‌بێت چۆن ده‌توانێت به خه‌لکی تری ببه‌خشێت .